# ڕووباری ئازادی

# ڕووباری ئازادی

محەمەد محەمەدی

ناوی کتێب: ڕووباری ئازادی

نووسەر: محەمەد محەمەدی

بابەت: شێعر

ئەژمار: ۱۰۰۰ دانە

ساڵی چاپ: ۲۰۲۱

چاپەمەنی: ویهان تاران

نرخ: ۲۰۰۰۰ تمەن

| **ناوی شێعر** | **لاپەڕە** |
| --- | --- |
| ئارامی من | ٨ |
| شنەی هەندەران | ١٠ |
| نیشتیمان | ١٦ |
| وڵاتەکەم | ١٨ |
| شەتڵی ئەوین | ٢١ |
| برایەتی | ٢٣ |
| خۆشەویستی | ٢٨ |
| ڕووباری ئازادی | ٢٩ |
| بووکی خەیاڵ | ٣٦ |
| یاد | ٣٩ |
| خەیاڵ | ٤٠ |
| زۆر دەمێکە | ٤٢ |
| دابڕان | ٤٤ |
| بریا | ٤٦ |

| | |
|---|---|
| کەناری هیوا | ٤٨ |
| تەنها جارێک | ٥٠ |

# ئارامی من

وام دەزانی بۆ ڕووناکی دونیای خۆزگەم هەتاوێکی

کوا دەمزانی ئاوا دەبی و دەمسپێری بە تاریکی

وام دەزانی بۆ ئارامی لەش و گیانم بێشکەی خۆزگەی

کوا دەمزانی کە زامێکی و بە ئێشەوە جێم دەهێڵی

ئەویندار بووم نەمدەزانی عەشق و وەفات بە پارەیە

بۆچی هاتی کە دەتزانی دەستەکانی من خاڵیە

که ناتوانێ زێڕ و ئاڵتوون بە باڵاتا هەڵبواسێ

بەس دەتوانێ نازت کێشێ و پرچەکانت دا بهێنێ

ڕاستە گوڵم من هەڵە بووم

لە بیابانێ وشک و بێ ئاو چاوەڕوانی گوڵی سوور بووم

لە باوەشی ئاوەڵای تۆ بە هیوای عەشق و وەفا بووم

ئێستاش، لە دوای کۆچت دوورکەوتوەکەم

لە باوەشی بێوەفاییت، دیل کراون هیواکانم

سەرگەردانم، شار و وڵاتان دەپێوم

تا لە شوێنێک، لە باوەشێک ئارام بگرم

بەڵام بێ ئارامە، ئۆقری نیە ئەم دڵەی من

بەڵێ ئەتۆی، ئەی لە باوەش کەسێکی تر ئارامی من

# شنەی هەندران

کە شەو دەبوو تاریکایی دەیگرت دونیا

خەم دەهاتوو قورسی دەکرد بە سەر دڵما

هەڵمدەڕژاند سفرەی دڵ و دەمکرد هاوار

تاکو بەیان دەردی کوردم دەهاتە زار

دەڕژا فرمێسکی چاوی ئەستێران

شەو لە ناڵینم دەکەوتە گریان

ئەمشەو کە دەچوو کات بەرەو بەیان

جوابی دامەوە شنەی هەندەران:

ئێوە میلەتێ یەک هەزار ئاڵان

نا دیار وڵات ، بێ ناو ونیشان

دەکوژن برا بۆ ماڵی دونیا

خۆ دەکەن بە غوڵام بێگانە ئاغا

وتە و رەفتاری نیشتمان دۆستان

بە یاسای عەرەب دەدن لە میزان

خۆتان مۆری ئەکەن بە پەنجە کانتان

بەڵگەی ئەسیری و کۆیلە یی و نەمان

میلەتێ قیبلەی لە هەندەران بێ

سەر چاوگەی ژینی کانی کەوسەر بێ

دوا کەوتووی ڕێگای قەومی عەرەب بێ

سەیرە نیە بیری لای ئازادی بێ؟!

بەحوکمی ئیسلام قڕتان تێ دەخەن

کە چی لە قەبران قورئان دەخوێنن

چاوتان بەستوە و دەپێون ڕێگا

تا بەهەشت بینن بەڵکوو لەو دونیا

کە چی چاو ساقی ئەم ڕێگا دوورە

خۆشی بەهەشتی لەم دونیا دیوە

ئیدی چت داوە لە دەس ڕۆژگار

لە دەس دوژمنان تا بە کەی هاوار

گەرکورد دۆستن و نیشتمان پەروەر

لە ڕێگەی زانست ناوبانگ بکەن دەر

خوێن داهاتووتان هەرگیز ناکا ڕوون

بەس برا لە برا دەکا بە دوشمن

دوشمن دە ترسێت لە زانا بوونتان

دەنا چەکی خۆی نادا بە دەستان

بە چەکی دوشمن ئازادی کوا دێ؟!

چەقۆ دەستەی خۆی هەرگیز نابڕێ

بۆ ئەمریکا و ڕووس بۆ دەبەن پەنا

مەلایش لە ڕێی خوا بەرنوێژی ناکا

بە هێزی چەکی پێنووستان ئەما

دەرگەی ئازادی دەبێت ئاوەڵا

گەر تێشکی زانست ئاسۆ کا ڕووناک

دیلی و کۆیلەیی جێ دەهێڵت خاک

فێڵی تورک و فارس دەبێت ئاشکرا

بە درۆی دوشمن ناکوژن برا

حزب و پارتەکان دەبن بە زانکۆ

دایک بۆ ڕۆڵەی چیدی ناکا ڕۆ

بەرهەمتان دەڕوا لە بۆ هەندەران

دونیا دەبیستێت ناوی کوردستان

کیژ و کوڕ یەکسان لە ڕیزی خەبات

بۆ ئاڵای زانست گیان دەکەن خەڵات

ئازادی خۆی دێ لەگەڵ بای شەماڵ

گەر فڕێ بدەن ئاڵای سوور و کاڵ

لە وڵاتێکی یەک هەزار ئاڵا

ئازادی ئاڵای کام لا بەرزەو کا

# نیشتیمان

دڵ لێ دەدا بە عەشقی تۆ

چاو دەگەڕێ لە دیاری تۆ

زوان دەچەرخێ بۆ ناوی تۆ

گوێ دەبیستێ بەس دەنگی تۆ

خەیاڵ دەفڕێ لە ئاسۆی تۆ

ڕۆح دەسووڕێ لە دەوری تۆ

سەر خۆی دەنێ لە ڕێگەی تۆ

لەش دەڕێژێت خوێنی بۆ تۆ

ئەی سروەی فێنکی دەمەو بەیانان

تریفەی مانگی بەفری کوێستانان

پرشەنگی زەردی سەر خۆرەتاوان

هاژەی ڕووبار و کانی بەهاران

ئەفسووناویە مووسیقای دەنگت

قووڵ و بێ بنە دەریای ئەوینت

خۆزگە و ئاواتم سەرخۆش و مەستن

لە بۆ ئازادیت لەشم دەنێژن

# وڵاتەکەم

خۆشم دەوێی بێ نازەکەم

گەرمتر لە باوەش شەم و عەشقی کاکە مەم

گەرمتر لە دەستی یار و ماچی جێژوانی یەکەم

خۆشم دەوێی خەمبارەکەم

بەهێزتر لە بەرخۆدان و لە سێدارەش بێ ڕوحم تر

بریندارتر لە قەندیل و لە هاواری هەڵبجەش بێدەنگتر

خۆشم دەوێی نامۆکەم

زیاتر لە خاچی مەسیح و بەهەشتی داعش

زیاتر لە ئاگری مۆغ و پارەپەرەستی نیشتمان فرۆش

خۆشم دەوێی زامدارەکەم

قووڵتر لە زامی دیلی و لە باڵای خەم بەرزتر

پانتر لە گۆڕی ئەنفال و لە مێژووی خوێن درێژتر

خۆشم دەوێی قیبلەگاکەم

سوورتر لە خوێنی شەهید و ڕەش تر لە بەختی کوردی هەژار

سپی  وەک مێژووی پێشەوا و سەوزتر لە دۆلار

خۆشم دەوێی وڵاتەکەم بەڵام چبکەم

کە پێنووسم پێناسەی تۆی پێ ناکرێ

مەرهەمەکەم برینی تۆی پێ چاک نابێ

ئەسرینەکەم سووری خاکتی پێ ناشۆرێ

چەقۆی وشەم کۆتوبەندتی پێ نابڕێ

خۆشم دەوێی نیشتمانم بەڵام چبکەم

که نازانم بۆ کامە خوا کڕنۆش بەرم

سکاڵاکەم بە چ زوانێک هاوار بکەم

ڕوو لە کامە قیبلە کەم و

ئاخ و داخم بەرە و کام ئاسۆ بەڕێ بکەم

کوردستانم خۆشم دەوێی و دەتوانم

تا دەستم هێزو چاوم سۆمای هەبێت بۆت بنووسم

پشت لە بەهەشتی خوا کەم و

بۆ ئازادیت جەهەندەمی لە باوەش کەم

خۆشم دەوێی و دەتوانم

لەشم فیدای خاکەکەت و

ڕۆحم فەرشی بەر پێی ئازادیت کەم

خۆشم دەوێی ، خۆشم دەوێی وڵاتەکەم

# شەتڵی ئەوین

خۆشەویستیم بۆ باس بکە

هەست و سۆزتم بۆ دەربڕە

بە غەمزە و ناز و  پێکەنین

بە چاوبڕکێ و بە هەڵپەڕین

بە ئەدا و مەکری کچانە

بە شێعر و قسەی عاشقانە

به گەرمای نیگا و ئێشارە

بە لای لایە و زەردە خەنە

خەمی دونیام لێ دوور بکە

شەتڵی ئەوین پاراو بکە

# برایەتی

چیتان داوە لە ئازادی و سەربەخۆیی

کام نەتەوە، کوا نیشتمان، زمانی چی؟

"ئازادی" وشەییێکی خەیاڵیە

دنیا هیچە و تەمەن بایە

ئێمە یەکین

لێووگەروین

بۆ خوێندنی سروودی سەربەخۆیی

دوو دەست بۆ ژەندنی مووسیقای یەکیەتی

دوو پێ بۆ بڕینی ڕێگەی سەختی برایەتی

پەڕوباڵین بۆ فڕینی کۆتری ئاشتی

وەرن براکانم ئاڵای جیایی فڕێ دەن و

ئاڵای ئێمە بەرزەوە کەن

بەڵێن بدەن کە خوای ئێمە بپەرەستن

بە زمانی ئێمە بخوێنن

لە خەممانا شەریک بن و

خۆشی ئێمەش هەر بە هی خۆتان بزانن

وەرن بەڵێن بدەن

کە ژیانتان خەڵاتێک بێت

بۆ سەر بەرزی برای خۆتان

پیاوتان دەشت و ژن و منداڵ

کۆشکی فەرمانڕەوا کەن ئاودان

وەرن بەڵێن بدەن

کە دارایی و ماڵ و سروەت، کە ئاو و خاک، کە nامووستان

بە دەستی ئێمە بسپێرن

بڕیار وابێت ئێمەش چیدی وەک برا بین

نەتان کوژین ، سێدارەتان بۆ هەڵ نەدەین

لە گشت دونیا وەک ترۆریست ناوتان نەبەین

بڕیار وابێت پێتان بدەین

لە سەرما جل وبەرگ و کاتی برسیەتی لەتە نانێ

خێوەتێک بۆ ژیوار و کاتی مەرگیش کەفەنێ

ئیدی چیتان داوە لە ئازادی!

جیا لەمەیە برایەتی؟

مامە خەمە، شێواو و خەمبار

هاتە زاری وەها وتار

"بڵێی برا گوڕای بێ مەعنا

یا خۆ مێشکی تۆ ئەی نەزان برا

خاک و شەرەف و نامووس بفرۆشین؟!

تاکوو ژیانێ دیلی بکڕین؟!

ئازادی هەرگیز ناچێ لە یادم

مەگەر ئەو کاتەی نێژرا بێ لەشم"

پەتێ هاتوو، بە تاوانی یاخی بوونی

به سێدارا هەڵیواسی

کۆمەڵ یەک لە دوای یەک دران لە دار

سروودی ئازادی لە گشت وڵات کرا هاوار

شەرەف و نامووس نافرۆشین

ژیانێکی دیلی بکڕین

مردن خەڵاتە بۆ لەشمان

گەر لە یاد کەین ئازادیمان

# خۆشەویستی

باسی دابڕانم لا مەکە

خۆشەویستیم لە باوەش کە

پەپوولەی عەشق بە بۆنی خۆت سەر خۆش بکە

غونچەی عەشقم بە نازی خۆت پەروەردەکە

کانیاوی خۆشەویستیم بە لای خۆتا ڕابکێشە

دەستی وەفات لە گەردنم گرێ بدە

بۆ هە میشە لە ئامێزم ئارام گرە

# ڕووباری ئازادی

ئازادیمان ڕووبارێکی بەر بەسراوە

هەرپەنگ دەخوا و دێتە دواوە

بۆ باوەشی گەرمی دەریا تاسەبارە

تێ دەکۆشێ بۆ ئازادی سەدان ساڵە

بێ ئارامە، سەرشێتانە شەپۆل ئەدا

خۆی بە سینگی دیوارەکەی سەر ڕێی ئەدا

کە چی لە ژێر سایەی داگیرکەردا

تا دێ ئەم دیوارەش باڵا دەکا

بەسراوە جۆگە بە چوار دەوری دا

دەشتی داگیرکەر ئاودان دەکا

ماسی ئەم ئاوەش ئێمەی بێ کەسین

هەر بیری دەریا و ئازادی دەمژین

بەبێ ئەم ئاوە تاوێ ناسرەوین

کە لی دوور کەوین گیان تەسلیم دەکەین

بەڵام نەچیری داوی زۆردارین

بۆ تەنیا ساتێک بێ ترس ناسرەوین

تاوێک لە قولاو دەمان دەکا گیر

تاوێکیش بە تۆر دەمان کەن ئەسیر

جارێکیش بە قورِ قرِمان تێ دەخەن

رِوحم بە بەچکەی ساواشمان ناکەن

جارێکیش نهەنگ دەخەن لە ئاومان

بەڵکوو لە یادکەین ئاو و دەریامان

جاربەجارێکیش نان حەوا دەدەن

هێندێ نەزانی پێ فریو دەدەن

هەزار حەیف ئێمەش سەرلێ شێواوین

نە لە گەڵ یەک و بێ یەک ناتوانین

هێندێ پاڵ بە چیای بەرزەوە دەنێین

هێندێ گابەردی ئەستەم دەتاشێین

هێندێکیشمان هەن بەس دەکەن دۆعا

بەڵکوو چارنووس بگۆڕێت خودا

چەن سەرۆکێکیش بە زاهیر زانا

دانشتوون لە سەر کورسی مقامدا

هەر جاربەجارێک بڕیارێک دەدەن

خۆمان لە خۆمان بە دوشمن دەکەن

هێندێکیشمان هەن بە بیر و زانا

کە سەریان سووڕە لەم هاتووچوونا

هەرچەندێک دەکەن هاوار و ناڵە

بە گوێی کەس ناگا ڕەنجیان بەتاڵە

تەنها قولاوە دەبیستێت دەنگیان

لە ناکاو دێت و توون دەگرێت قورگیان

هێندە سەر قاڵین بە شتی خۆڕایی

خۆشمان لە خۆمان تەواو بوین عاسی

لە خۆڕا دێین و دەپێوین رێگە

کە چی نازانین دەڕۆین بۆ کوێنە

کامە لا ڕاستە و کامەیە چەپمان

لێمان شێواوە سە رو خوارخۆمان

ڕابردوو ئێستاش لە لامان لێڵە

کانیاوەکەمان ڕاستی لە کوێیە؟

ئاخ کە چەن سەختە دەردی نەزانی

که نەچیر بیت و ڕاوچیت نەناسی

گەر بمانهەوێت بە دەریا بگەین

ئا لەم دیلیە خۆ ڕزگار بکەین

دە بێ ڕوونی کەین ڕابردووی خۆمان

پاشان بناسین ئاوو ڕووبارمان؟

کوێیە سەر چاوەی ئەم ئاوە پاکە؟

مەوج و شەپۆلی بەرەو کام لایە؟

ڕێگەی ڕووبارمان بە چی گیراوە؟

ئەو شتە چییە و لە کامە لایە؟

پاشان دەتوانین هەموو بە تێکڕا

خۆمان ڕێک بخەێن لە گەڵ شەپۆلا

دیواری نەگبەت لە بن بڕخێنین

ئازادی و دەریا لە باوەش بگرین

لە دەس ڕاوچیان خۆ بکەین ڕزگار

سروود ئازادی بڵێین  بۆ ڕووبار

# بووکی خەیاڵ

بەڵێنت دەدەم یاری چاوکەژاڵ
گەر مێوانیم کەی لە دونیا خەیاڵ
بە بووکی خۆزگە و ئاواتمت دەکەم
بە ئەسپی باڵدار پێشوازیت دەکەم

ئەستێرەی ئاسمان چی گەش و جوانە
هەمووی دەڕژێنمە سەر زوڵفی خاوە

مانگە شەو دەدەم لە سەر چەناکەت
هەتاوی گەشیش بۆ سەری هەنیەت

کۆڵکە زێڕینە دەکەم با تاجت

زەردەی خۆرئاواش بۆ گەردنبەندت

جلت بۆ دێنم لە پەڕ گوڵباخی

لە دەورت گەڕێن پەپوولەی یاخی

تەختت بۆ دەکەم لە هەوری ئاسمان

دەتکەم باوەشێن بە سروەی بەیان

بە هاژەی ڕووبار خەو بتباتەوە

بە چریکەی بولبول ڕۆژ بکەیتەوە

ئاوێتەی دەکەم لە شنەی شەماڵ

ئەو بۆنە خۆشەی پێی دەبی سەرحاڵ

بەهاریش دێنم بۆ باغچەی دڵت

هەتاوی هاوین بۆ گەرمی ژینت

دڵیشم دەکەم بە ئەنگوستیلە

دەیکەم لە پەنجەی ناسک و نەرمینە

ڕۆحیشم با بێت بە پێشکەشی تۆ

تا ڕۆژی مردن بمێنێ لای تۆ

دە وەرە چاوکاڵ ببە میوانم

لە کاتی خەوتن بخزە نێو چاوم

# یاد

لەگەڵ خۆتا خەمت هێنا

بە کۆچیشت مرد دڵخۆشیم

یادیشت لام بە جێ ماوە

ئازار دەدات ڕۆژگارم

کاتی نووستن هەتاوێکە خەو دەڕفێنێ لە چاوانم

لە ڕۆژیش دا دەبێت بە تەم

دادەپۆشێت خۆزگەکانم

# خەیاڵ

ڕاستە ڕۆیشتووی خەیاڵت ماوە

بەدایم لەگەڵ دڵم گەڕاوە

خەیاڵی تۆیە، کە چی لای منە!

سەیرە کە بۆ چی هێند باوەفایە

بە عشقی پاکی لاویەتیم قەسەم

لە غەمزە و نازت ئێستاکەش مەستم

ئێستاش دەپێوم ڕێگەی جێژوان

لە گەڵ خەیاڵ و بیرەوەریەکان

ئێستاش ئەسیری بسکی لوولی تۆم

خنکاوی چاوی ڕەش و مەستی تۆم

ئێستاش دەکێشم نازی خەیاڵت

غەرق ئەبم لە نێو دەریای ئەوینت

ئێستاش گڕ دەگرێت لەشی بێ ڕۆحم

لە تاوی ماچی ساڵی پێرارم

ئێستاش خەیاڵم لە هەر کوی بفڕێ

بەرەو ئاسۆی تۆ ڕێگە دەپێوێ

# زۆر دەمێکە

زۆردەمێکە چاوەکانم گوڵی ڕووخسارتیان نەدیوە

دەنگی خۆشی پێکەنینت لە دەرگای گوێمی نەداوە

زۆردەمێکە دەستەکانم تاڤگەی قژتیان لا نەداوە

بۆنی خۆشی هەناسەکەت لە جێژوانم نەپێچاوە

زۆردەمێکە کۆرپەی عەشقم لە دووری تۆ هەتیوماوە

لە بارانی خۆشەویستیت باغچەی دلم بێ بەش کراوە

زۆردەمێکە ڕۆژی بەختم تەمی دووریت دایپۆشیوە

هەوری ڕەشی بێخەبەریت ئاسۆی ژینمی لێڵ کردوە

زۆردەمێکە رۆحی ماندووم  هیواکانمی لە خاچ داوە

لە  ژیانم بێزار بووە و  بۆ ناشتنم چاوەڕوانە

# دابڕان

ئەی ئازیزەکەم ئەی خەم ڕەوێن یار

ئەی کە دابڕانت دەهێنایە  زار

ئاخۆ دەتزانی چەن سەختە دەردی

واکوودەتهەویست بیچێشم تامی

بارانی نیە هەوری جودایی

زرڕژاکاندوویە دەشتی دڵداری

ڕووباری ئەوین بەدەر نەماوە

قەوزەی نەگبەتی هەمووی پۆشاوە

خانووی ئەوینمان بوەتە وێرانە

بایەقۆشی کۆن کردیە بە لانە

چریکەی بولبول نایە لە گوێمان

قاڵاو پۆشیویە دەشتی هیوامان

هەتاوی ئەوین کز داگرساوە

دەریای دڵداری سەهۆڵی بەستوە

لە گوڵدانی ژین بۆنی عەشق بڕا

بەس ئاه و حەسرەت دێ بە ناخمدا

ڕۆحم گۆڕکەنە و دڵم گۆڕستان

تێیدا نێژراون خۆزگە و بریاکان

# بریا

بە دایم وێڵ بووم لە دووی ئازادی

لە هەنیەم نەسڕا مۆری کۆیلەیی

نەهاتە ڕێگەم خۆشی بەس جارێک

نەمگرتە باوەش ئاواتێک تاوێک

حەزکەم لە هەر چێ و ببێ بە خۆزگا

دەبێ بە ژان و دەڕژێ بە سەرما

ئەو بسکەی لاویم دانا لە ڕێی دا

ئێستا داوێکە و ئاڵاوە پێم دا

بریا دەمزانی چیە هۆکاری

واکوو ئاسمان دەکا دوژمنی

هێندەی پێ چێشتم خەم و مەینەتی

چیدی تاڵاویش نادا یارمەتی

بریا شوێنێک با بۆ حەسانەوەم

بۆ بە دەرنانی ئاهی چەن ساڵەم

# کەناری هیوا

لاویەتیم ڕۆیی لە دەریای غەم دا

وەیلان بووم لە دووی کەناری هیوا

بە کەشتی خۆزگە دەریام دەپێوا

بە هیوای کەنار ڕۆژگار دەگوزەرا

بەڵام چارەنووس کردی دوژمنی

فەلەک و ئاسۆیش دایان یارمەتی

ڕەشەبای نەگبەت هات لە ئاسۆ

کەشتی خۆزگەمی دا بەر گەمارۆ

گەردەلوولی غەم هات بە دوای دا

بردی لە گەڵ خۆی چی خۆزگە و بریا

ئێستا من نوقمم ماوم بێ پەنا

بڵێی هەر هەبێت کەنار ئەم دەریا

دەریاش سەر شێتە و مەجالم نادا

هەر بۆ خنکانم شەپۆلان ئەدا

## تەنها جارێک

بە هیوا بووم تەنها جارێک
لە باوەشت ئارام گرم

لە سەر لووتکەی چیاییێکدا
شنەی شەماڵ هەناسەکەم

خەم و تاسەی دڵەی تەنگم
بە ڕووباری نیگات شۆرم

له ئاسمانی سافی شەودا
ئەستێرەی بەختم نیشان کەم

بە شەراب و مەزەی لێوت
خۆم لە دونیا بێ خەبەر کەم

پەنجە لە نێو پەنجەی نەرمت
بۆنی هەناسەت هەڵمژم

سەر بنێم بە سینگتەوە
بە شێعر و ئاواز بتدوێنم

بە هەر تاڵێکی زوڵفێکتەوە
حەزێکی خۆم گرێ بدەم

بەڵام گوڵم گێژاوی خەم
کەوتە نێو دەریای خۆزگەم

هەرگیز نەگەییشت بە کەنارت

شەپۆلی عەشق و ئەوینم

پەدی نەهات لە باوەشت

تەنها حەز و ئاواتێکم

لە ئەو هەموو جوانیەت

دەردی دووریت بوو بە بەشم

بەڵام بە چاوانی پڕ لە نازت

بە دیدەی سوور و دڵەی ناشادم

بە کوڵمەی تاس و برۆی کەوانت

ئێستاکەش وێڵە لە دوای تۆ دڵم